


# سکاینەرێک زەینی مرۆڤ دەخوێنێتەوە

کۆمپانیای Wecu رایگەیاند، توانیویانە سکاینەرێك بەرهەم بێنن کە زەینی مرۆڤ دەخوێنێتەوە. ئەو سکاینەرە بۆ فرۆکەخانەکان سوودی لێوەردەگیرێ، بەهۆیەوە دەزانـدرێ کام لەو گەشتیارانە نیازێکی مەترسیداریان هەیە. بەرپۆبەری کۆمپانیای ناوبراو بەدڵنیاییەوە دەڵێت، ئەو سیستەمە ئەو وێنانەی کە لەسەر شاشەکانی فرۆکەخانە دەردەکەون و پێشتر بەرپرسانی فرۆکەخانە زانیاریان لەبارەیانەوە هەبووە، دەست نیشان دەکات. سکاینەرەکە چوونەسەری لێدانی دڵ، خێرا چاولێکدان و حاڵەتی گۆڕانی رەنگەکان دەزانێت.



# بۆ تێکنەچوونی مۆبایلێکی تەڕبوو چ بکرێت

گەر مۆبایلەکەت کەوتە ناو ئاو تەڕ بوو، دەبێ دەستبەجێ ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بگرنەبەر.

گەر مۆبایلەکە داگیرسابوو، دەستبەجێ بیکوژێننەوە و باترییەکەی دەربێنن. مۆبایلەکە وشك بکەنەوە. دواتر سیم کارتەکە دەربێنن و وشکی بکەنەوە. پاشان دەبێ چوارچێوە و قەلبی مۆبایلەکە دەربێنن و دەستبەجێ بە "سپرتۆ" خاوێنی کەنەوە. لەهەنگاوی دووەمدا، مۆبایلەکە بە موجەفەی سارد، وشك بکەنەوە.

(موجەفەی گەرم بەکار مەهێنن). دواتر چەند کاتژمێرێك لە شوێنێکی گەرمی دابنێن. شوێنەکە ئەوەندە گەرم نەبێ کە دەستبەجێ ئاوەکەی ناوی بیێتە هەڵم. دوای ئەوە لە پارچەیەکی ناسکی بپێچنەوە و لەناو قاپێك برنجی وشکی دابنێن. با چەندین رۆژ لەناو ئەو قاپە برنجە دابێت. دوای ئەوە جارێکی دیکەش بە موجەفەی سارد خاوێنی بکەنەوە و وەسەریەکی بخەنەوە. باتری و سیمکارتەکە دابنێن. ٪٩٨ ئەگەری باشبوونەوەی هەیە.

# تەکنەلۆژیای دیجتالی سەردەم



## ماوسناسور

"ماوسناسور" ناوی ئەو ماوسەیە کە لە وێنەکەدا دیارە، رەنگە پێتان سەیربێ کە هیچ وەك ماوس ناچێت، زیاتر وەك لەیستۆکێکی منداڵانە دەچێت. ئەو ماوسە دەکرێ پارچەکانی لێك جیا بکرێنەوەو داینارسۆرێکی پێ دروست بکرێت. وشەی "ماوسناسۆر" وشەیەکی لێکدراوە لە "ماوس" و "دایناسۆر".



## ئامێری Onzo

ئەو ئامێرەی دەیبینن، زیاتر لەهەموو شوێنێکی جیهان رەنگە لەکوردستان پێویستتر بێ، چونکە ئامێرەکە ئەرکی ئەوەیە، دەستنیشانی پێوانەی کارەبای هاتوو بکات و زانیارییەکە بۆ سەر کۆمپیوتەر بگوازێتەوە. ئەو ئامێرە هەتا ١٠ ساڵ زانیارییەکانی تایبەت بە پێوانەی کارەبا لەخۆیدا خەزن دەکات.




## ئامێرێکی دیجیتالی هەرزانتر لە کاغەز

ئەو شاشە LCDیەی کە لە وێنەکەدا دەیبینن، بەرهەمی کۆمپانیای "کێنت"ە. شاشەکە بەبێ هیچ چەشنە وزەیەك کار دەکات. دەتوانی تاکو ٥٠ هەزار لاپەرەی لەسەر بنوسی و پاشان بیسرییەوە. شاشەکە خۆی زۆر تەنکە، رەنگە لەداهاتوودا شوێنی وەرەقەی کاغەز بگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نرخەکەی لە ٣٠ دۆلار زیاتر نییە.





# له Gmail ئیمێلەکان دوای بەڕێ کردنیش دەگەڕێنەوە

ئیمێل یان نامەی ئەلکترۆنی، باوترین و سوودمەندترین ئامرازی پەیوەندی گرتنە، ئێستا کەم کەس هەیە خاوەنی ئیمێلی تایبەت بەخۆی نەبێ، بەهۆی ئیمێلەوە دەکرێ فایلی دەنگی و وێنەیی و فیلم بەرێ بکرێن. ئیمێلیش گرفتی خۆی هەیە، یەکێك لەو گرفتانە ئەوەیە، زۆرجار ئەوەمان بۆ هاتۆتە پێش، کە ئیمێڵێکمان بۆ یەکێك ناردووە، بەڵام پاشان بۆمان دەرکەتووە کە ئەو ئیمێلە بە هەڵە بۆ ئەو کەسە ناردراوە، یان لە ناوەڕۆکی ئیمێلەکەمان پەشیمان بووینەتەوە، کەچی تازە کار لەکا ترازاوە و ئیمێلەکە ڕۆیشتووە و ناگەڕێتەوە.. بەڵام لە Gamil گوگلدا، ئەو توانایەی تێدایە، پاش ئەوەی ئیمێڵێکت نارد، دەتوانی بیگەڕێنیەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەروەك لە وێنەکەدا ئاماژەی پێدراوە سەرەتا دەچییە سەر بەشی settingsی گیمەیل و فرمانی Labs هەڵدەبژێری و دواتر فەرمانی undo send لێبدە و دوای ئەوە فەرمانی Enable لێبدە. لەمەولا هەر ئیمێلێك بنێری فەرمانێکی Undoی لەلا دەبێت واتە دەتوانی ئیمێلەکە بگێڕیەوە.




# ئاگاداری ڤایرۆسێکی مەترسیدار بن

گشت ئەوانەی کە خاوەنی ئیمێلن و ڕۆژانە ئیمێلەکانیان دەکەنەوە، ئاگادار بن کە گەر ئیمێڵێکیان بەم ناوەڕۆکە بۆ هات (Life is beautiful.pps) "واتە ژیان جوانە" بەهیچ جۆرێك نەیکەنەوە و دەستبەجێ بیسڕنەوە. چونکە هەرکە ئەو ئیمێلە کردەوە گشت زانیارییەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت دەسڕێنەوە و هەموو پاسووردەکانت ئاشکرا دەبن. هەتا ئێستا هیچ ئەنتی ڤایرۆسێك نەیتوانیوە ئەو ڤایرۆسە لەناوبەرێت. هەرچەندە مێژووی دروستبوونی ڤایرۆسەکە بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا خۆی نوێکردۆتەوە مەترسییەکانی زیاتر بوونە.




# Photo Slideshow Maker
# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی سلایدی وێنە و فیلم

پرۆگرامی Photo Slideshow Maker ڕەنگە یەکێك لەو پرۆگرامە باشانە بێ، کە بەهۆیەوە دەکرێ جوانترین فیلمی سلاید لە وێنە و فایلە ڤیدیۆییەکان دروست بکرێ. سلایدە دروستکراوەکانی ئەم پرۆگرامە، دەکرێ لە مۆبایل، کۆمپیوتەر، یان DVDی ماڵەوە سەیر بکرێن.

پرۆگرامەکە خاوەنی جوانترین ئیفێکتی جوان و سەرنجڕاکێشە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە ویستی خۆت مۆسیقی بۆ سلایدەکەت دابنێی. یەکێك لە توانا بەرچاوەکانی پرۆگرامەکە ئەوەیە، گشت فایلێکی ڤیدیۆیی، دەنگی و وێنەیی دەخوێنێتەوە. سلایدەکان بە فۆرماتەکانی MP٤، AVI، FLV، SWF، MP٣، AAC خەزن دەکات. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانی ژێر نووس لەژێر سلایدەکان دابنێیت.